# گاڵتەجاری هەڵبژاردن تەحریم بکەن‌و داوای جیابونەوەی کوردستان بکەن!

**جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان!**

وا جاریکی تریش ئەمریکاو دەست‌و پیوەندەکانی بۆ بەرپاکردنی سیناریۆیەکی گاڵتەجارانەی دیکە خۆیان ئامادە دەکەن، ئەوانەی لە 14 ساڵی رابردوودا کوردستانیان بەناو کارەساتی سەرگەردانی‌و نا ئەمنی‌و تیرۆرو سەرکوت‌و برسیتی‌و بیدەرتانیدا بەکیش کردوە، ئەوانەی زیاتر لە دوو ساڵ‌و نیوە کۆمەڵگای عیرا ق بە ناوی "پرۆسەی ئازادی"یەوە نوقمی گۆماوی خوین‌و داروخان‌و بەربەریەت دەکەن، ئەوانەی کە هەر لە ماوەی ئەم یەك ساڵەدا دووجاری دیکە بە دنیایەك فریوکاری‌و وەعدەوبەلینی درۆوە پەنجەمۆری خەڵکیان بۆ دەسەلاتی خۆیان وەرگرتوە، ئەمرۆ دیسانەوە وەکو فریشتەی نەجات خۆیان هەڵدەخەن. بانگەوازی خەڵك دەکەن گەندەڵی دەسەلات‌و تاڵان‌و برۆو زۆرداریان، بخەنەلاوەو بە ناوی "بەرژەوەندی کوردەوە" برۆن بەشداری گاڵتەجاریەکی دیکە بکەن لە پیناو مەحکەمکردنەوەی بەشە دەسەلاتی ئەواندا.

ئەم حزیبە قەومی‌و ئیسلامیانە 14 ساڵە بە چارەنوسی ئەم کۆمەڵگایەوە یاری‌و سات‌و سەودا دەکەن، داهاتی ئەم کۆمەڵگایە تاڵان‌و برۆ دەکەن، هیچ پیوانەیەك بۆ ژیان‌و سەرتایترین پیداویستی‌و خزمەتگوزاریە کۆمەلایەتیەکان بە جەماوەری ملیونی "گەلەکەیان" رەوانابینن. هەرگیز ئامادە نەبوون لە گەرمای هاوین‌و لە زستانی ساردو تاریکدا دەست لە بەشیکی تاڵان‌وبرۆیان هەڵگرن‌و لانی کەم ئاوو کارەبای پیویست بۆ جەماوەری ئەم "گەلە" دابین بکەن. هەرگیز ئامادە نەبوون گویٚ بۆ هاوارو نالەی ئەم خەڵکە بەدەست هەژاری‌و نەداری‌و بیدەرەتانی‌و ئاوارەیی‌و بیٚمافیەوە رابگرن. لەمەش زیاتر بەردەوام دەنگی نارەزایەتی ئەم خەڵکەیان لە دژی گەندەڵی‌و جەردەیی‌و ئەم هەموو مەینەتە بە لولەی چەکی پیشمەرگەکانی ئاسایش سەرکوت کردوە. ئەمرۆش رووداکەنە خەڵك‌و دەڵین جاری هەموو ئەوانە لە بیر بکەن‌و لە پیناوی بەرژەوەندی "کورد"دا وەرن لەم گاڵتەجاریە بەشداری بکەن‌و دەنگ بە ئیمە بدەنەوە.... ئەمە چ جۆرە بەرژەوەندیەکی "باڵای کورد"ە؟!

بە دریژایی ساڵانی رابردوو چەندین جار ئەو راستیە بۆ خەڵکی کوردستان سەلمینراوە کە ئەوەی لەلایەن ئەم حیزبانەوە ناوی لی نراوە "بەرژەوەندی کورد" هیچ نیە جگە لە دەسەلاتی ملیشیایی‌و داسەپاوی ئەم حیزبانە بەسەر خەڵکەوە، هیچ نیە جگە لە دریژەدان بە گەندەڵی‌و تاڵان‌وبرۆی داهاتی کوردستان لەلایەن ئەم حیزبانەو سەرانیانەوە. ئەوەی پیٚی دەڵین "بەرژەوەندی کورد" ماناکەی بە کردەوە بریتیە لە دەسەلات‌و کەلەکەی سەروەت بۆ فیرعەونەکانی کوردستان. چەند مانگە نارەزایەتی خەڵك لە دژی تاڵان‌وبرۆو گەندەڵی‌و نەبونی خزمەتگوزاریە سەرتاییەکان شەپۆل دەدات، ئەم حیزبانە ئامادە نەبون لە پیناو "بەرژەوەندی باڵای کورد"دا گۆیرایەڵی خواستە رەواکانی خەڵك بن‌و بەشیك لەو هەموو داهاتە بۆ چاککردنی ژیانی خەڵك تەرخان بکەن. یەکگرتوی ئیسلامی بەلگنامەی سەرکوتی خەڵکی کەلاری بۆ یەکیتی ئیمزاکرد، ئەمرۆ بیٚشەرمانە خۆی وەکو بەدیلی دژی گەندەڵی هەڵدەخات. ئیتر ناکریٚ خەڵك بە قەوانی سواوای ئەم گەندەڵ‌و کۆنەپەرستانە فریوبخوات.

بەلام کیشەی ئەم حیزبانەو خەڵکی کوردستان، ناکۆکی سیاسەت‌و بەرژەوەندی ئەم حیزبانەو خواست‌و بەرژەوەندیەکانی خەڵك، تەنها بەوەند تەواو نابیت. تەنانەت لە مەیدانی سیاسی‌و لە پەیوەند بە چارەنوسی سیاسی خەڵکی کوردستانیشەوە ئەوان هیچ حەقانیەتیکیان بۆخۆیان نەهیشتوەتەوە. بەرژەوەندی باڵای خەڵکی کوردستان بە پیچەوانەی ئەوەی کە ئەوان پروپاگەندەی بۆ دەکەن، لە بەشداریکردنی ئەم گاڵتەجاریەو زیاترکردنی کورسیەکانی ئەم حیزبانەدا نیە کە دەیانەویٚ کوردستان بە زۆر بلکینن بە دەولەتی کۆنەپەرستی ئیسلامی–قەومی عیراقەوە، بەلکو لە پوچەلکردنەوەی ئەم سیاسەتەو جیابونەوەی کوردستان‌و پیکهینانی دەولەتیکی سەربەخۆی مودیرن‌و پیشکەتوانەدایە. بەرژەوەندی خەڵك لە پیادەکردنی دەستوری فاشیانە قەومی–قورەیشیەدا نیە کە ئەم حیزبانە وەکو دەسکەوتی گەورە دەرخواردی خەڵکی دەدەن، بەلکو لە تیهەلدانی ئەو کۆتی ئەسارەتەو دارشتنەوەی دەستوریکی مودیرن‌و سکولارو پیشکەوتوانەی شایستە بە ژیانی ئینسانی هاوچەرخە. ئەمانە دەنگی خەڵکیان بۆ سات‌و سەودا لەگەل تاقمە فاشیستە ئیسلامی‌و ناسیونالیستە عەرەبەکان پیویستە، بۆ خۆشکردنی جیگای خۆیان لە دەسەلات‌و خەوتن لەسەر نازونیعمەت پیویستە. خەڵك لە قاموسی ئەواندا فیدای ئەو مەرام‌و مەبەستانەیە‌و هیچی تر.

ئەگەر خەڵکی کوردستان بەشداری ئەم گاڵتەجاریە بکەن، ئەگەر لە پیناو زیادکردنی کورسی فیرعەونەکانی کوردستان پەنجەی خۆیان بکەن بەو زاخەدا، جگە لەوەی بوار بۆ دریژەو پەرەپیدانی گەندەڵی‌و راورووت‌و سەرکوتی ئەم حیزبانە هەمواردەکەن، هاوکات کۆتی ئەسارەتی ئیلحاقی ئیجباری بە حکومەتی قەومی–ئیسلامی عیراقەوە لە دەست‌و پیٚی خۆیان توند دەکەنەوە، کوردستان زیاتر دەخەنەبەردەم ئەو کارەساتە سامناکانەی کە رۆژ بەرۆژ لە عیراقدا بەرەوقولبونەوە دەبریت. خەڵکی ئازادیخوازو کریکاران‌و ژنان‌و لاوان، ئیتر ناکریٚ بەو فریوکاریانە بخەلەتین. 15ی ئۆکتۆبەر ئەم خەڵکە (نا)یەکی گەورەی دابەرووی دەستورە قورەیشیەکەیاندا، ئەجارەش دروست وایە لە پیناو بەرژەوەندی باڵای خۆیاندا بە ریزی ملیونی گاڵتەجاری 15ی کانونی یەکەم تەحریم بکەن، ئەو رۆژە وەکو نارەزایەتی‌و مەحکومکردنی ئەم سیناریۆ کۆنەپەرستانەیە، وەکو (نا) ووتن بۆ ئیلحاقی ئیجباری‌و پیشیلکردنی خواست‌و مافی جیابونەوەی کوردستان‌و پیکهینانی دەولەتیکی سەربەخۆ، لە ماڵەکانی خۆیان دانیشن‌و نەیەنەدەریٚ. ئەمە دەتوانی هەنگاویکی کاریگەربیت بۆ بنکۆلکردنی ئەو سیناریۆو نەخشەو پلانە کۆنەپەرستانانەی کە ئیرادەو خواستەکانی ئەم خەڵکە دەهارن، دەتوانیٚ هەنگاویکی کاریگەربیت لە ریگا یەکگرتووکردنی ئیرادەی خەڵك لە پیناو سەپاندنی خواستی جیابونەوەو پیکهینانی دەولەتیکی سەربەخۆی ئازادو مودیرن‌و سکولاری ئەوتۆ کە ئایندەیەکی شاد بۆ خەڵکی کوردستان مسۆگەر بکات. ئەمە مەیدانی واقعی نەبەردە لە پیناو ئازادی‌و بەرژەوەندی باڵای خەڵك، لیرە راوەستن!

***ریسوایی بۆ گاڵتەجاری‌و فریوکاری 15ی کانونی یەکەم!***

***سەرکەوتن بۆ خواستی جیابونەوەی کوردستان!***

***ریبوار ئەحمەد/ سکرتیری کۆمیتەی ناوەندی***

***حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق/ سەرتای کانونی یەکەمی 2005***